# ئەعرەجی: ئەو ناوانەی بە جدی کاندیدن بۆ سەرکایەتی ئەنجومەنی وەزیران سودانی و مالیکین

بەها ئەعرەجی، ئەندامی فراکسیۆنی ئاوەدانکردنەوە و گەشەپەدانی پەرلەمانی، ئەمڕۆ سەشەممە جەختی کردەوە کە ئەو ناوانەی بە جدی کاندیدن بۆ پۆستی سەرکایەتی ئەنجومەنی وەزیران، بریتین لە محەمەد شیاع سوودانی، سەرۆک وەزیرانی ئێستا و نوری مالیکی، سەرکی هاوپەیمانی دەوڵەتی یاسا.

ئەعرەجی بۆ پەی ئاژانسی هەواڵی فەرمی کەموتەڵع بەدواداچوونی بۆ کردووە ڕایگەیاند: "یەکەم هەنگاوی ئیستیحقاقە دەستوورییەکان تەواو کرا کە ئەویش هەڵبژاردنی دەستەی سەرکایەتی ئەنجومەنی نوێنەران و جێگرەکانی بوو"، هوونیشی کردەوە کە "لە ئەمڕۆوە پەیستە کەبوونەوەی جددی و بەرهەمدار ئەنجام بدرێن".

ئاماژەی بەوەش کرد: "هەمووان سوورن لەسەر ئەوەی وادە دەستوورییەکان تێنەپەڕێندرێن"، ڕاشیگەیاند: "دەرگای خێپاوتن بۆ سەرکایەتی کەمار کراوەتەوە و دوای ئەوە لە ماوەی ٣٠ ڕۆژدا، سەرک کەمار گەورەترین فراکسیۆن ڕادەسپێرێت بە هەڵبژاردنی سەرک وەزیران".

ئەعرەجی جەختی کردەوە کە "ئەو ناوانەی بە جدی بۆ سەرکایەتی وەزیران لە ئارادان، بریتین لە محەمەد شیاع سودانی، سەرک وەزیران و نوری مالیکی، سەرکی هاوپەیمانی دەوڵەتی یاسا".